# ئایندەی ئاوارەکانی کەرکوك و ڕێگاچارەی کێشەکانی ئێستایان

ئاسۆ کمال

دوای زیاتر لەمانگێك کارکردنم لەگەڵ ئاوارەکانی کەرکوکدا لەپێناو باشترکردنی ژیانیان و دیفاع لە مافەکانیان ، ئێستا پێویستە دوای ئەو سەرکەوتن و تەجروبانەی ئێمە وەك کۆمەڵەی ئاوارەکان بەدەستمان هێناوە جارێکی ترلەگەڵ هەموو ئاوارەکانی کەرکوکدا باسی ئایندەی کێشەی ئاوارەیی و چۆنیەتی چارەسەری کێشەکانی ئێستامان بکەینەوە.

## ئاوارەیی تاکەی؟

ئەمە ئەو پرسیارەیە کە دەبێت بیخەینە بەردەم هەر لایەنێك ئەمڕۆ خۆی کردۆتە حاکم بەسەر خەڵکی شاری کەرکوك و ئاوارەکاندا. ئێمە دوای دەیان ساڵ لەسیاسەتی تەرحیل ئێستا کە گەڕاوینەتەوە شاری خۆمان پێمان دەڵێن ئاوارە. ئەمە لەبەر ئەوەیە کە ئایندەی ئێمە هەڵواسراوە و دیارنییە ئەوانەی دەیانەوێت ببنە حاکم لە کەرکوکدا دەیانەوێت چیمان لێ بکەن؟ حزبە حاکمەکانی کوردستان دوای 12 ساڵ لە ژیانی ئاوارەیی لەسایەیاندا مافی دابینکردنی ژیان و خانویان بۆ بەڕەوا نەبینین و ئێمەیان بە ئاوارەیی هێشتەوە لەکاتیکدا هەرکەس بۆ ڕۆژێك دەچێتە وولاتێکی تر و داوای پەنابەری دەکات ئەو پێداویستیە سەرەتاییانەی بۆ دابین دەکرێت و پاش ماوەیەکی کەم ئیتر هەست بەئاوارەیی ناکات و ژیانی جێگیر دەبێت و دادەمەزرێت. ئێستا ئەم حزبانە بۆ ئەوەی لە "قودسی کوردستان" بەشی شێریان بەرکەوێت فشار بۆ ئاوارەکانی کەرکوك دێنن کە کوردستان جێ بهێڵن و نەوشیروان مستەفا لەزاری سەرانی ئەم حزبانەوە هێرش دەکاتە سەر ئاوارەکان و لەتەلەفزیۆنییەکێتی نیشتمانیەوە شەکری لەم بابەتە دەشکێنیت کە "ئاوارەکان تاکەی حزبەکان دەدۆشن". لەڕاستیدا ئەوە ئەم حزبانە بون بەناوی ئاوارەی کەرکوکەوە پارەی بڕیاری 986یان بۆ خانوو دروستکردن بۆ ئاوارە وەردەگرت ودوایی خانوەکانیان بەسەر مەسئولینی خۆیان دابەش دەکرد و بەشی جەبهەی تورکمانیان لە خانوی ئاوارەکان دەدا. ئەمە جگە لە بازرگانی سیاسی کە ئێستاو ئەوسا بە ئاوارەکانی کەرکوکەوە دەکرێ. لای یەکێتی و پارتی ئاوارەی کەرکوك تەنها کارتێکە بۆ کردنی کەرکوك بە بەشێك لە ناوچەی دەسەڵاتی خۆیان و گرنگ ئەوەیە بەزۆر و بە وەعدە فڕێیان بدەنە کەرکوکەوە، ئایندەی ئەمانە چی دەبێت و چۆن ژیانی ئاوارەییان کۆتایی دێت و خانوو و پێویستیەکانیان کێ دابینی دەکات ئەوە نەك کاری ئەوان نییە بەڵکو تا پێیان بکرێت ڕێگر دەبن لەبەردەم باش بونی ژیانی ئاوارەکان تاکو بەدیار وەعدەی ئەوانەوە دابنیشن و ناچاربن هەر لەسایەی یەکێتی و پارتیدا بن.

ئەحزابی تورکمانی وەك جەبهەی تورکمانی و نوینەرانی عەشایری عەرەبی و شیعەی سیاسیش ئەوە نە لەمەجلسی بەلەدیەدا و نە لە شاری کەرکوکدا دانی خێر بە وجودی ئاوارەکان و مافی گەڕانەوەیاندا نانێن و هەمیشە خەریکی سازکردنی جەوی ڕقەبەرایەتی قەومین . لەسایەی وجودی ئەم تاقمە قەومییانەی مەجلسی بەلەدیەی کەرکوك پێك دێنن و لە ساحەی سیاسی کەرکوکدا وجودیان هەیە چارەنوسی کێشە و ئایندەی ئاوارە کەوتۆتە ژێر سایەی کێشەی شەڕی دەسەڵاتی ئەم لایەنە دژ بەیەکانە و ئەمریکاش کە بەپێی بەرژەوەندی و سیاسەتی سەپاندنی باڵادەستی خۆی دەجولێتەوە هیچ چارەسەر و وەڵامێکی بۆ کێشەی ئاوارەکان و کۆتایی هێنان بە ژیانی ئاوارەییان نییە.

لەم وەزعیەتەدا ئێمەی ئاوارە دەبێت چی بکەین؟ ناکرێت تاکو 12 ساڵی تر وەك لە کوردستان ئاوارە ماینەوە دیسان 10 ساڵی تریش لەکەرکوکدا بە ئاوارەیی بمێنینەوە بەبیانوی ئەوەی ئەم لایەنانە و ئەمریکا چارەنوسی سیاسی کەرکوکیان یەکلایی نەکردۆتەوە و ژیانی جیلێکی تری ئێمە ببێتە قوربانی ساغ بونەوەی هەویەتی قەومی کەرکوك کە ئاشکرایە بەشەڕی قەومی و پاکسازی قەومی کۆتایی دێت. هەربۆیە ئێمە دەڵێین چاوەڕوانی بەسە و کێشەی ئاوارەکان دەبێت دەست بەجێ وەڵام بدرێتەوە و مافی گەڕانەوەی ئاوارەکان و دابینکردنی خانوو و تەعویز و ئاو و کارەبا و تەواوی خزمەتگوزاریەکان دەبێت دەستبەجێ جێبەجێ بکرێت. خواستی ئێمە کۆتایی هاتنی ئاوارەیی و ژیانی ئاوارەییە ئەمە مافی بێ ئەملاوئەولای ئێمەیە و هەر ئەمڕۆ دەمانەوێت بیسەپێنین.

## خواستی ئێمە چییە؟

کاتێك ئێمەی ئاوارە باسی مافی خۆمان دەکەین ، کە ناتوانین لەژێر چادردا ساڵ دوانزە مانگ بەسەر بەرین و لەگەرمای ئەم هاوینەدا ئینسان لەژێر چادردا دەسوتێت . یان کاتێ باسی ئەوە دەکەین کە مێش و مەگەز و میکرۆب بەربونەتە گیانمان لەم خانوە ڕوخاو و شوێنە پیسانەدا کە هیچ پاکردنەوە و خەدەماتێکی نیە. یاخود باسی نەبونی ئاو و کارەبا دەکەین . پێمان دەڵێن ئێوە تەجاوزن و شوێنی ڕەسمی نین تا ئاو و کارەباتان بدەینێ و خەدەماتی بەلەدیە شمولتان بکات . نەك ئەمانەشمان بۆ ناکەن بەڵکو هەمیشە هەڕەشەی دەرکردنمان لەو سەرپەنایانەش وەك مۆتەکە بەسەر سەرمانەوەیە. خۆتان بینیتان کە جەنابی پارێزگاری کەرکوك چۆن هەڵی کوتایە سەر ئاوارەکانی ساحەی ئیحتفالات و لەو خانوە قوڕانە دەیویست دەریان بکات و فڕێیان بداتە دەرەوە و مەعلوم نەبوو ئاوارە بۆ کوێ بچێ ئەگەر لەم شوێنانەش دەریان بکەن. هەربۆیە ئێستا ئەوەی پێی دەڵێن ئیدارەی کەرکوك بەشوینیەوەیەتی بۆ ئاوارە دەکردنیانە نەك دابینکردنی ژیانیان.

ئێمە تائێستا توانیومانە دیفاع لەخۆمان بکەین دژ بەم هێرشی دەرکردنە ، هەروەك خۆپیشاندانی سەرکەوتوانەمان توانی شکست بەدەرکردنی ساحەی ئیحتفالات وشەریکەی تاریق بهێنێت. بەڵام خواستی ئێمە تەنها ئەمە نییە کە دەرنەکرێین بەڵکو خواستی ئێمە بریتییە لە کۆتایی هێنان بە ئاوارەییمان . خواستی ئێمە هەروەك لە بەرنامەی کۆمەڵەی ئاوارەکاندا هاتوە بریتیە لە "دابینکردنی خانوو ، دانی تەعویز ، دابینکردنی ئاو و کارەبا و خەدەمات". ئەمانە خواستی سەرەکی ئێمەن و دەبێت هەموو هێزی ئاوارەکان بکەین بەیەك تاکو بچین یەخەی ئیدارەی تەحالف و ئیدارەی کەرکوك بگرین کە بەفەوری ئەم

خواستانەمان جێبەجێ بکەن . ئەگەر ئەوان بەرنامەیان نییە بۆ ئاوارەکان، ئێمە بەرنامەمان دابینکردنی فەوری ئەم خواستانەیە.

## ڕێگاچارەی کێشەکانی ئێستامان

هەروەك لە کۆبونەوەی دووەمی کۆمەڵەی ئاوارەکاندا ووتمان ئێمە دەبێت ئەم خواستانە بەرزبکەینەوە و کاربکەین بەفەوری بۆ جێبەجێ کردنی . لەسەرەتادا ئەمە پێویستی بە یەکگرتویی هێزی ئاوارەکانە.نوێنەرانی ئاوارەکان دەبێت لەو پەرژوبلاویەی ئێستایان بێنەدەر و دەبێت هەموویان لەدەوری خواستی "دابینکردنی خانوو ، دانی تەعویز ، دابینکردنی ئاو و کارەبا و خەدەمات" قسەیان بکەن بەیەك و یەکدەنگ بن . ئێمە خواستەکانی خۆمان خستۆتە بەردەم ئیدارەی تەحالف و ئەوانیش بێگومان ئیهمالی دەکەن و دەیخەنە پشت گوێ . ئەوان پارێزگار و چەند کەسێکیان ناردبوو کە خۆیان بە بەرپرسی ئاوارەیان دانابوون و خۆتان گوێتان لەقسەکانیان بوو.. لە کۆتایی مانگی نیساندا کە لە هۆڵی "النشاط المدرسي" کردیان ئەویش ئەوەیە هیچ بەرنامەیەکیان بۆ ئاوارەکان نییە و چاوەڕوان بن. ئیتر کاتی ئەوەیە کە ئیدارەی تەحالف ناچار بکەن کە گوێمان لێبگرێت و وەڵامی خواستەکانمان بداتەوە. ئەمە پێویستی بە هێز نواندنە ، پێویستی بەوەیە هەموو ئەوانەی بەڕاستی نوێنەری ئاوارەکانن و دەیانەوێت کاربۆ باشکردنی ژیانی ئاوارەکان بکەن لەسەر ئەو بەرنامەیەی کۆمەڵەی ئاوارەکان ڕێك بکەون کە پێکەوە سەرجەم هێزی ئاوارەکان بهێننە مەیدان بۆ سەپاندنی خواستی "دابینکردنی خانوو ، دانی تەعویز ، دابینکردنی ئاو و کارەبا و خەدەمات". دەبێت هەموو بنکە ئاوارەکان ئامادەبکەین بۆ هاتنە مەیدان لەپێناو ئەم خواستانەدا و بچین دەرگای ئیدارەی تەحالف بگرین و هەموو هێزی خۆمانیان نیشان بدەین. پێیان بڵێین هەر لە پارەی ئەو دەریا نەوتەی لەسەری دەژین مافی خۆمانە کە ژیانمان دابین بکەن. ئەمە ڕێگاچارەی کێشەی نەبونی خانوو و نەبونی ئاووکارەبا و خەدەمات و برسیەتی و بێکاری ئێستامانە.

ئەوەی بەناوی ئاوارەوە نوسینگە و لیژنەکانی تر دەیانەوێت چاوەڕوانی بڕیاری فلان لایەن وفیسار حیزبمان بکەن ، یان چاوەڕوانی ئیدارەی کەرکوکمان بکەن و بە وەعدەی ڕێکخراوە خێرخوازە دەرەکیەکان بێدەنگمان بکەن ، ساڵێکە تەجروبەمان کردوە کە هیچیان بۆ نەکردوین و وەزعمان ڕۆژ بەڕۆژ خراپتر دەبێت. هەربۆیە هەر کەس ولایەنێك دەیەوێت تەفرەی ئاوارە نەدات و بەڕاستی خزمەتێك بە ئاوارەکان بکات بابێت و وەك حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق پشتیوانی لەم خواستانەی ئاوارەکان بکات . هەموو نوێنەرەکانی ئاوارەکان بەرپرسن بەرامبەر بەوەڵامدانەوە بەو ئەرکەی گرتویانەتە ئەستۆ کە کارێك بۆ دابینکردنی ئەو ماف و خواستانەی ئاوارەکان بکەن . ئەبێت لەپێناو بەدیهێنانی داواکانی ئاوارەکان ئەو تەفرەقەیەی کە سەوز وزەرد دروستی دەکات بیخەینە لاوە و نوێنەرەکان دیفاع لەبەرژەوەندی ئاوارەکان بکەن و لەسەر ئەو داوایانە ئاوارەکان یەکگرتوو بکەن.ئەمە تەنها ڕێگای ئەوەیە کە بتوانین ژیانی ئاوارەییمان بگۆڕین و خواستەکانمان بەسەر ئیدارەی ئەمریکی و ئیدارەی کەرکوکدا بسەپێنین.

## کۆمەڵەی ئاوارەکان نوینەری ڕاستەقینە و واقعی ئاوارەکانە

هەنگاوێك کە ئێمە وەك کۆمەڵەی ئاوارەکان ناومانە یەکگرتوکردنی نوێنەرانی ئاوارەکان و نیشاندانی تەجروبەی خۆپیشاندان بۆ سەپاندنی خواستەکانمان بوە. ئەمە هەنگاوێکی گرنگ بوو بەلام ئەمە تەنها هەنگاوێك بوو بۆ پێشەوە لەپێناو دابینکردنی داواکاریەکانماندا. پێویستە ئەمڕۆ بزانین کە سەرکەوتنمان لەم خەباتەدا بەوەوە گرێدراوەتەوە کە کۆمەڵەی ئاوارەکان بکەینە ڕێکخراوی هەموو ئاوارەکان و لەهەموو بنکەکانی ئاوارەکاندا ئاڵای خۆی بەرزبکاتەوە. ئیدارەی ئەمریکی و ئیدارەی کەرکوك بزانن کە ئیتر ئاوارەکان پەرژوبلاونین و ئەوان ڕێکخراوی کۆمەڵەی ئاوارەکانیان هەیە کە هێزی جەماوەری دەیان هەزاری ئاوارەکانی لەگەڵدایە . ئێمە ئەگەر لە کۆبونەوەی پێشوودا یەك لەسەر سێی نوێنەرکانی ئاوارەکانمان لەگەڵدا بوو ئەوا دەبێت بەخێرایی کاربکەین تاکو هەموو نوینەری ئاوارەکان بێنە ناو کۆمەڵەی ئاوارەکانەوە. دەبێت کۆمەڵەی ئاوارەکان دەست بەجێ کۆبونەوە گشتیەکانی ناو بنکەکان دابنێت و ئاوارەکان ئامادەبکات بۆ بەڕێخستنی نارەزایەتیەکان. کۆمەڵەی ئاوارەکان نوێنەری ڕاستەقینە و واقعی ئاوارەکانە و دەبێت ڕەسمیەتی بسەپێنین بەسەر ئیدارەی ئەمریکی و ئیدارەی کەرکوکدا و نوێنەری کۆمەڵەی ئاوارەکان دەبێت لە مەجلسی بەلەدیەی کەرکوکدا نوێنەرایەتی ئاوارەکان بکات نەك ئەوانەی لەلایەن ئیدارەی ئەمریکی و ئیدارەی کەرکوك و حزبەکانی ناو ئیدارەی کەرکوکەوە دانراون و بەرژەوەندی ئەو ئیدارانە دەپارێزن و ڕێگرن لەبەردەم نوێنەرایەتی کردنی ئاوارەکان و دابینکردنی خواستەکانیاندا.

بێ گومان ئێمە بەم هەنگاوانەی سەرەوە دەتوانین دەست بەجێ کاربکەین بۆ گۆڕینی وەزعی نالەبار و سەختی ئێستامان و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق هەروەك تا ئێستا پشتیوان و ڕابەر و ڕینوینی دەری خەباتی ئێوە بوە لەڕیزی پێشەوەدا بۆ باشترکردنی ژیانی ئاوارەکان وکۆتایی هێنان بەژیانی ئاوارەییان لەمەیداندایە. بەڕاستی ئاوارەکانی کەرکوك و نوینەرەکانیان لەماوەی یەك دوو مانگی ڕابردوودا ئەوەم بینیوە تیایاندا کە کەسانی بەتەجروبە وخەباتکارن و ئومێد بەسەرکەوتنیان هەیە و جارێکی تر دەستی خەباتکارانەیان بەگەرمی دەگوشم.